ئینجا هەروەك چۆن یەکەم ڕەکعەم کرد، ڕەکعەی دووەمیش تەواو دەکەم.

٩- ئینجا دوای ئەوەی لە سوجدەی دووەم هەستامەوە، دادەنیشم و تەحییات دەخوێنم و، پەنجەی شایەتمان - پەنجەی دەستی ڕاستەم لە کاتی گوتنی:

(أشهد أن لا إله إلا الله)، بەرز دەکەمەوە.

وەرن با نوێژ بکەین

١٠- دوای تەواو بوون لە تەحییات بە کامڵی و سەڵاواتی ئیبراهیمیی، بەلای ڕاست سەلام دەدەمەوە و دەڵێم: (السلام علیکم ورحمة الله ... سەلام و بەزەیی خواتان لێبێ).

١١- ئنجا بە لای چەپ سەلام دەدەمەوە و دەڵێم:

(السلام علیکم ورحمة الله).

١- نوێژی چوار ڕکاتی

لە نوێژی چوار ڕکاتیدا ،ئەمەی خوارەوە بەجێ دێنم:

١. لە ڕکاتی دووەم تەحییات دەخوێنم، جا کە دەڵێم:

(وأشهد أن محمداً رسول الله) هەڵدەستمەوە سەر پێ، بۆ ئەوەی ڕکاتی سێیەم بکەم، کە تەنها سوڕەتی فاتیحەی تێدا دەخوێنم.

٢. ئنجا ڕکاتی چوارەم دەکەم و، سوڕەتی فاتیحەی تێدا دەخوێنم، ئنجا دوای ئەوەی ڕکاتەکەم تەواو کرد، دادەنیشم بۆ خوێندنی تەحییات و سەڵاواتی ئیبراهیمیی، ئنجا سەلام دەدەمەوە.

٢- نوێژکردنی کچی مسوڵمان

- کچی مسوڵمانیش وەك کوڕان دەستنوێژ دەشوات و، وەك ئەو، نوێژەکەی دەکات، بەڵام کچ هەموو لەشی دادەپۆشێ و، دەستەکانی، تا مەچەکی و دەم و چاوی بەدەردەخات، باشتریش وایە لە ماڵێ،لەگەڵ دایکی و خوشکی نوێژی بەکۆمەڵ بکات.

- ئەو کچە مسوڵمانەی پارێزگاریی لە نوێژ دەکات (و دوای ناخات و لەکاتی خۆی دەکات)، ئەوا خوای بەرز و مەزن سەرکەوتووی دەکات و لێی ڕازیی دەبێت!

٣- ئەو شتانەی نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە

بریتیین لەو شتانەی، کە لە کاتی نوێژەکەدا ڕوو دەدات، کە نوێژەکەی پێ بەتاڵ دەبێتەوە و، دەبێ دووبارە نوێژەکە بکرێتەوە، گرنگترین ئەو شتانەی نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە، ئەمانەن:

١. خواردن و خواردنەوە بخۆیتەوە.
٢. بە دەنگ پێبکەنی.
٣. قسە بکەیت.
٤. گەمەو یاری و، زۆر جوڵە کردن.
٥. بە ئەنقەست پێش ئیمام بکەویەوە، یان پێش ئەو سەلام بدەیتەوە.
٦. دەرچوونی با (تڕ و فس).

٤- دوعای دەستپێکردنی نوێژ

ئەم دوعایە لە سەرەتای نوێژ و دوای گوتنی: (الله أكبر)ی نوێژ دابەستن، دەخوێندرێ، کە چەند شێوازێکی هەنە، کە مسوڵمان دەتوانێ یەکێکیان لەبەر بکات:

شێوازی یەکەم:

(وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذي فَطَرَ السَّمواتِ والأرْضَ حَنيفاً وَمَا أَنَا مِنَ المُشْرِكِينَ، إنَّ صَلاتي وَنُسُكي وَمَحْيايَ وَمَماتي لله ربِّ العَالمينَ، لَا شَرِيكَ لَهُ، وبِذلكَ أُمِرْتُ وَأنا مِنَ المُسْلمين).

واتە: لە عیبادەت و خوا پەرستیدا، ڕووم تەنها کردۆتە خوای بەرز و مەزن، کە تاك و تەنهایە، هەر ئەو ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە، لە شیرك و هاوبەشدانان بۆ خوا، لام داوە و بەرە و یەکخوا پەرستیی چووم ، من لە هاوبەشدانەران نیم، نوێژ و قوربانیی و ژیان و مردنم، تەنها بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە، کە هیچ هاوبەشی نییە، هەر بەمەش فەرمانم پێکراوە و، من لە ملکەچ و مسوڵمانانم.

٤- دوعای دەستپێکردنی نوێژ

شێوازی دووەم:

(سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، وَتَبَارَكَ إِسْمُكَ، وَتَعالى جَدُّكَ، وَلا إلهَ غَيْرُكَ).

واتە: خوایە! پاکیی و بێگەردیی لە هەموو کەم وکورتییەك بۆ تۆ و، سوپاس بۆ تۆ و، ناوەکەت پڕ خێر و بەرەکەتە و فراوانە، شکۆ و گەورەییت بەرزە و لە هەموو گەورەکان گەورەترە، جگە لە تۆ هیچ شتێك شایستەی پەرستن نییە.

شێوازی سێیەم:

(اللَّهُمَّ باعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خطايايَ كَمَا باعَدتَ بَيْنَ المَشْرِقِ وَالمَغرِبِ، اللَّهُمَّ نَقِّنِي مِنَ الخَطَايَا كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضِ مِنَ الدَّنَس، اللَّهُمَّ اغْسِلْ خَطَايَايَ بِالمَاءِ والثَّلج والْبَرَدِ).

واتە: خوایە! نێوانی من و نێوان گوناهەکانم بە دوور بخەوە، هەروەك چۆن نێوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوات لێك دوور خستۆتەوە.
خوایە! لە گوناهان پاکم بکەوە، هەروەك چۆن پۆشاکی سپی پاك دەکرێتەوە.
خوایە! گوناهەکانم بە ئاو و بەفر و تەزرە بشۆوە.

٥- تەحییات و سەڵاواتی ئیبراهیمیی

تەحییاتی کۆتایی نوێژ، زیاتر لە یەک شێواز هەیە، کە دەکرێ مسوڵمان یەکێکیان هەڵبژێرێ و، لە نوێژەکەیدا بیخوێنێ، لەوانە:

شێوازی یەکەم:

(التَّحيَّاتُ للهِ، وَالصَّلَوات والطَّيِّباتُ، السَّلامُ عَلَيْكَ أيُّها النَّبيُّ ورحمة اللهِ وبركاته، السَّلامُ عَلَيْنَا وَعَلى عِبادِ اللهِ الصَّالحينَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إلهَ إلاَّ اللهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ محمداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ).

شێوازی دووەم:

(التَّحيَّاتُ المُباركاتُ، الصَّلَواتُ الطَّيباتُ للهِ، السلام عَلَيْكَ أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عبادالله الصالحين، أشهد أن لا إله إلاّ الله، وأشهد أن محمداً رسول الله).

واتە:هەرچی گەورەیی و شکۆداری و نوێژ و پاکیی و ڕێز هەیە، هەمووی هەر بۆ خوایە، سەلام و بەزەیی و میهرەبانیی و پیت و فەڕی خوات لەسەر بێت ئەی پێغەمبەری خوا، سەلام لەسەر ئێمە و بەندە چاکەکانی خوا.
شایەتی دەدەم: جگە لە (الله)، هیچ کەس و شتێك شایستەی پەرستن نییە و، موحەممەد بەندە و پێغەمبەری خوایە.

٥- تەحییات و سەڵاواتی ئیبڕاهیمیی

سەڵاواتی ئیبڕاهیمی:

(اللَّهُـمَّ صَـلِّ عَـلَى مُحَمَّـدٍ، وعـلى آل محمـدٍ، كَمَـا صَلَّيْـتَ عَـلَى إبراهيـمَ وَعَـلَى آل إبراهيـمَ، إنَّـكَ حَمِـدٌ مَجيـدٌ، اللَّهُـمَّ بـارِكْ عَـلَى محمَّـدٍ وَعَـلَى آلِ مُحَمَّـدٍ، كمَـا بَارَكْـتَ عَـلَى إبراهيـمَ، وَعَـلى آلِ إبراهيـمَ، إنَّـكَ حَميد مجيـدُ). رواه البخاري.

واتە: خوایە! بەزەیی و میهرەبانیی خۆت بڕژێنە بەسەر موحەممەد و بەسەر شوێنکەوتوانی موحەممەد، هەر وەکو بەزەیی و میهربانیت بەسەر ئیبڕاهیم و شوێنکەوتوانی ئیبڕاهیم ڕێژتووە، هەر تۆ سوپاسکراو و بەشکۆ و بە دەسەڵاتی.

٦- ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژە فەڕزەکان

٧- سوننەتە دووپاتکراوەکان

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووویەتی: ((ما مِنْ عبدٍ مُسْلِمٍ يُصَلِّي لله كُلَّ يَوْمٍ ثَنْتَي عَشْرَةَ رَكْعَةً تطوعاً غَيْرَ فَريضةٍ، إلاّ بَنَى اللهُ لَهُ بَيْتَاً في الجَنَّةِ)).

واتە: هەر بەندەیەکی مسوڵمان، هەموو ڕۆژێك (دوازدە) ڕکات نوێژی سوننەت بۆ خوا بکات، کە فەڕز نەبێ، ئەوا خوای گەورە لە بەهەشت خانوییێکی بۆ دروست دەکات.

٧- سوننەتە دووپاتکراوەکان

سوننەتی پێش نوێژ	کات	سوننەتی دوای نوێژ
دوو ڕکات	نوێژی بەیانی	نییە
چوار ڕکات	نوێژی نیوەڕۆ	دوو ڕکات
نییە	نوێژی عەسر	نییە
نییە	نوێژی ئێوارە	دوو ڕکات
نییە	نوێژی خەوتنان	دوو ڕکات

٧- سوننەتە دووپاتکراوەکان

مرۆڤی مسوڵمان شەوەکەی بە نوێژی (ویتر) کۆتایی دێنێ، وەك، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((أَوْتِرُوا يا أَهْلَ القرآن)). رواه الخمسة وصححه ابن خزيمة وصححه الألباني.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی پەیڕەوی قورئان دەکەن! نوێژی ویتر بکەن.



بڕوانامە

بڕوانامەی چاك نوێژكردن

ئەم بڕوانامەیە پێشكەشە بە قوتابی:

....

لەبەر ئەوەی بە چاكیی فێری نوێژكردن بووە.
ئامۆژگاریی دەكەین پارێزگاریی لە نوێژەكان بكات بە كۆمەڵ و،
لە كاتەكانی خۆیاندا بیانكات.
لە خوای بەرز و مەزن داواكارین، نوێژ بكاتە ڕووناكیی بۆی،
لە دنیا و ڕۆژی دوایی.


زیکر و یادە جوانەکانم
(٥٠) زیکر و یاد بۆ لەبەرکردن

(٥٠) زیکر و یاد، کە لە پێغەمبەرەوە هاتوون بۆ لەبەرکردن

١

زیکری کاتی دەستکردن بەخواردن و خواردنەوە

پێش ئەوەی خواردن بخۆم، یان بخۆمەوە، دەڵێم:

((بسمِ الله ... بە ناوی خوا)).

٢

گەر لە سەرەتای نان خواردن، یان خواردنەوە، لە بیرم چوو بڵێم: (بسم الله) ، ئەوا دەڵێم: ((بسم اللهِ أوَّلَهُ وآخِرَهُ ... بە ناوی خوا لەسەرەتا و کۆتاییەکەی)).

٣

زیکری دوای تەواو بوون لە نانخواردن

ئەگەر لە خواردن و خواردنەوە تەواو بووم، دەڵێم:

((الحمدلله ... سوپاس بۆ خوا)).

٤

دوعای پێشئەوەی بچمە ئاو دەست

پێش ئەوەی بچمە ئاودەست، دەڵێم: ((اللَّهُمَّ إنِّي أعُوذُ بِكَ مِنَ الخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ ... خوایە! من خۆم بەتۆ دەپارێزم لە جنۆکەی پیسی نێر و مێ)).

٥

دوعای دوای دەرچوون لە ئاودست

دوای ئەوەی لە ئاودەست دەردەچم، دەڵێم:

((غُفْرانَكَ ... داوای لێخۆشبونت دەکەم)).

٦

زیکری پێشئەوەی دەست بە دەستنوێژ بکەیت

پێشئەوەی دەستنوێژ بۆ نوێژ بشۆم، دەڵێم: ((بسم الله)).

(٥٠) زیکر و یاد، کە لە پێغەمبەرەوە هاتوون بۆ لەبەرکردن

٧
سەلام کردنی ئیسلام
کاتێ بە هەرکەسێك بگەم، بە سەلامی ئیسلام سەلامی لێدەکەم و دەڵێم:
((**السـلام علیکـم ورحمـة الله وبرکاتـه** ... سـەلام و ئاشـتی و بەزەیـی و بەرەکەتـی خواتـان لێبـێ)).

٨
دوعاکردن بۆ ئەو کەسەی، چاکەیەکی لەگەڵ کردی و لەگەڵت باش بوو
من دوعا و نزا بۆ ئەو کەسە دەکەم، کە چاکەیەکی لەگەڵ کردووم، پێی دەڵێم: ((**جزاكَ اللهُ خیْراً** ... خوا پاداشتی خێرت بداتەوە)).

٩
دوعا و نزا بۆ ئەو کەسەی دەڵێ: ((**بـارک اللهُ فیـك** ... خـوای گـەورە خێـر و بەرەکەتـت بـە سـەردا بڕێـژێ)).
گەر یەکێك پێی گوتم: ((**بارک الله فیک**)) وەڵامی دەدەمەوە و دەڵێم:
((**وَفیك بارك الله** ... تۆش خوای گەورە خێر و بەرەکەتت بەسەردا بڕێژێ)).

١٠
دوعای پیرۆزباییکردن لە کەسێ، کە جلێکی نوێ دەپۆشێ
ئەو کەسەی جل و بەرگێکی نوێ دەپۆشێ، پێی دەڵێم: ((**إلبَسْ جَدیـداً، وَعِـش حمیـداً، وَمُتْ شَـهیداً** ... جلی نوێ لەبەربکەو، تەمەن درێژبی لە سەرتاعەتی خوا و سوپاسکەری خوابی و، خەڵکیش سوپاست بکەن و، بە شەهیدیی بمرە)).

١١
دوعای جل داکەندن
کاتێ جلەکانم دادەکەنم، دەڵێم: ((**بسم الله**)).

١٢
زیکری پژمین
دوای ئەوەی پژمیم، دەڵێم: ((**الحمدللّه** ... سوپاس بۆ خوا)).
بەرانبەرەکەشم پێم دەڵێ: ((**یَرْحَمُكَ اللهُ**... خوا ڕەحمت پێ بکات)).
منیـش وەڵامـی دەدەمـەوە: ((**یَهْدیکُـمُ اللهُ وَیُصْلحُ بالَکُـمُ**... خـوا هیدایەتتـان بـدات و کاروبارتـان چـاك بـکات)).

(٥٠) زیکر و یاد، کە لە پێغەمبەرەوە هاتوون بۆ لەبەرکردن

١٣ زیکرکردن لە کاتی تووڕەبووندا

هەوڵ دەدەم تووڕە نەبم، گەر تووڕەش بووم، دەڵێم: ((أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيمِ ... خۆم بە خوا دەپارێزم، لە شەیتانی دەرکراو لە بەزەیی خوا)).

١٤ زیکری نووستن

کاتە دەچمە سەرجێی نووستن، دەڵێم: ((بِاسْمِكَ اللهُم أَموتُ وأَحيا ... خوایە ! بەناوی تۆ ، دەمرم و دەژیم)).

١٥ زیکری هەواڵی خۆش

گەر گوێم لە هەواڵێکی خۆشبوو، دەڵێم: ((الحمدُ للهِ الَّذي بِنِعْمَتِهِ تَتِمُّ الصَّالِحَاتُ ... سوپاس بۆ ئەو خوایەی، کە بە بەهرە و بەخششی خۆی، کارە چاکەکان دێنە دی و تەواو دەبن)).

١٦ زیکری هەواڵی ناخۆش

گەر هەواڵێکی ناخۆشم پێڕا گەیەنرا، دەڵێم: ((اَلْحَمْدُ للهِ عَلَى كُلِّ حالٍ... سوپاس بۆ خوا لەسەر هەموو حاڵ و بارێك)).

١٧ دوعای داوای باران بارین

گەر باران بارین دوا کەوت، ئەوا دوعای باران بارین دەکەم و، دەڵێم: ((اللَّهُمَّ أَغِثْنَا... خوایە بارانمان بۆ ببارێنە)).

١٨ دوعای کاتی باران بارین

کاتێ باران لە ئاسمان دەبارێ، دەڵێم: ((اللَّهُمَّ صَيِّبًا نافعاً... خوایە! بارانێکی بەسوود بێت بۆ خەڵك و وڵات، نەك بارانێکی بە عەزاب، یان لافاو دروستکردن)).

(٥٠) زیکر و یاد، کە لە پێغەمبەرەوە هاتوون بۆ لەبەرکردن

١٩
دوعا لە کاتی باران بارینی زۆر

گەر باران زۆر و بە خوڕ باری، دەڵێم: ((اَللَّهُمَّ حَوَالَيْنَا ولا عَلَيْنَا... خوایە بیبە دەورو بەرمان، نەك لەسەر ئێمە بێت)).

٢٠
زیکری دوای باران بارین

دوای ئەوەی بارانەکە ڕاوەستا، دەڵێم: ((مُطِرْنا بِفَضلِ اللهِ وَرَحْمَتِهِ ... بە فەزڵ و بەخشش و بەزەیی خوا، بارانمان بۆ باری)).

٢١
گەر مسوڵمان ویستی لە داهاتوودا کارێك بکات

گەر ویستم کارێك بکەم، دەڵێم: ((إنْ شاءَ اللّه ... گەر خوا ویستی لەسەربێت)).

٢٢
لە کاتی بینینی شتێك، کە حەزی پێدەکەم

گەر شتێکم بینی، کە حەزم پێیەتی، دەڵێم:

((مَا شَاءَ الله ... ئەوەی خوا بیەوێ)).

٢٣
لە کاتی بینینی برایەك، یان برادەرێك پێدەکەنی

گەر یەکێك پێدەکەنی، پێی دەڵێم: ((أضحَكَ اللهُ سِنَّكَ ... خوا خۆشیی و شادیت بەردەوام بکات)).

٢٤
داوا کردنی بەهەشت و خۆ پاراستن بە خوا لە ئاگری دۆزەخ

لە خوا داواکارم بمخاتە بەهەشتەوە و، دەڵێم ((اللَّهُمَّ إنِّي أسألُكَ الجنَّةَ ... خوایە! داوای بەهەشتت لێدەکەم)).

خۆم بە خوا لە ئاگری دۆزەخ دەپارێزم ، دەڵێم: ((اَللَهُمَّ أجِرْني مِنَ النَّارِ ... خوایە لە ئاگری دۆزەخم بپارێزە)).

(٥٠) زیکر و یاد، کە لە پێغەمبەرەوە هاتوون بۆ لەبەرکردن

٢٥

لە کاتی گوێ بیستبوون لە قوقاندنی کەڵەشێر

گەر گوێم لە قوقاندنی کەڵەشێر بوو، دەڵێم: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أسألُكَ مِنْ فَضْلِكَ ... خوایە داوای فەزڵ و بەخششت لێدەکەم)).

٢٦

لە کاتی زەڕینی کەر، یان وەڕینی سەگ بە شەو

گەر بەشەو گوێم لە زەڕینی کەر، یان وەڕینی سەگ بوو ، دەڵێم: ((أعُوذُ بالله مِن الشيطان الرجيم ... خۆم بەخوا پەنا دەدەم، لە شەیتانی دوور خراوە لە ڕەحمی خوا)).

٢٧

لەکاتی بینینی خەوی ناخۆش

گەر بە شەو خەوێکی ناخۆشم بینی، دەڵێم: ((أعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيمِ، وَمِنْ شَرِّ ما رأيْتُ ... خۆم بەخوا دەپارێزم لە شەیتانی دوورخراوە لە بەزەیی خوا و، لە خراپەی ئەو خەونەی بینیم)).

٢٨

گەر لە کەسانی زاڵم و ستەمکار ترسا

گەر لە خەڵکانی خراپەکار ترسام، دەڵێم: ((اللَّهُمَّ اكْفِنيهم بِما شِئْتَ ... خوایە! بەوەی دەتەوێ، لە هۆیەکانی پاراستن بمانپارێزە لێیان)).

٢٩

دوعای بە ڕێکردنی سەفەرکار

بەو کەسەی ، کە سەفەر دەکات، دەڵێم: ((أسْتَوْدِعُكَ اللهُ الَّذي لا تضيعُ وَدائِعُهُ ... بەو خوایەت دەسپێرم، کە سپێردراوەکانی لە لا ون نابێ)).

٣٠

دوعای سەفەرکردن

ئەگەر سەفەرت کرد، ئەم دوعایە بخوێنە: ((اللَّهُمَّ هَوِّنْ عَلَيْنا سَفَرَنَا ... خوایە سەفەرەکەمان بۆ سوک و ئاسان بکە)).

(٥٠) زیکر و یاد، کە لە پێغەمبەرەوە هاتوون بۆ لەبەرکردن

٣١

لە زیکرەکانی سەفەرکردن

ئەگەر بە هەر سوارییەك، بەسەر شوێنێکی بەرزکەوتم، دەڵێم: ((اَللَّهُ اَكْبَرُ... خوا لە هەموو شتێك گەورە ترە)).
گەر لە شوێنێکی بەرزەوە هاتمە خوارێ، دەڵێم: ((سُبْحَانَ اللهِ... پاکیی و بێگەردیی بۆ خوا لە هەموو کەم و کورتییەك)).

٣٢

دوعای گەڕانەوە لە سەفەر

کاتێ لەسەفەر دەگەڕێمەوە، دەڵێم: ((آيِبُونَ، تَائِبُونَ، عَابِدُونَ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ ... ئێمە گەڕاینەوە، لە گوناهان تەوبەکارین، خوا پەرستین، سوپاسی خوا دەکەین، کە بە ساغ و سەلامەتی ئێمەی گەڕاندەوە)).

٣٣

گەر شتێك ڕوویدا، کە بە دەستی خۆت نییە

گەر شتێك ڕوویدا، کە بە حەزی من نییە، تووڕە نابم، بەڵام دەڵێم: ((قَدَّرَ اللهُ وَمَا شَاءَ فَعَلَ ... خوا ئەم کارەی بە ئەندازە داناوە بکرێ و، بە قەزا و قەدەری ئەو ڕوویداوە و، ئەوەی خوا بیەوێ ببێت، دەبێت، ئەوەی ئەو نەیەوێ، نابێت)).

٣٤

دوعا کردن بۆ مردوو

بەم دوعایە، دوعا بۆ مردوو دەکەم: ((اَللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ ... خوایە لێی خۆشبە و بەزەییت پێیدا بێتەوە)).

٣٥

دوعای پیرۆز باییکردنی جەژن

لە جەژندا، ئەو کەسەی پێیدەگەم، پێی دەڵێم: ((تَقَبَّلَ اللهُ مِنَّا وَمِنْكَ ... خوای گەورە لە ئێمە و تۆش قبوڵ بکات)).

٣٦

دوعای سەردانی نەخۆش

گەر سەردانی نەخۆشێکم کرد، پێی دەڵێم: ((لَا بَأسَ، طَهُورٌ إنْ شَاءَ اللهُ... قەیناکە، هیچ نییە، بە ویستی خوا، پاك بونەوەیە لە گوناهان)).

(٥٠) زیکر و یاد، کە لە پێغەمبەرەوە هاتوون بۆ لەبەرکردن

٣٧

دوعای چوونە مزگەوت

کاتێ دەچمە مزگەوتێ، دەڵێم: ((اللَّهُمَّ افْتَحْ لِيْ أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ ... خوایە! دەرگاکانی بەزەیی خۆتم بۆ بکەوە)).

٣٨

دوعای هاتنە دەرەوە لە مزگەوت

کاتێ لە مزگەوت دێمە دەرێ، دەڵێم: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أسألُكَ مِنْ فَضْلِكَ ... خوایە! داوای فەزڵ و بەخششی خۆتت لێدەکەم)).

٣٩

لە زیکرەکانی رکوع

کاتێ لە نوێژەکەم دەچمە ڕکوعەوە، دەڵێم: ((سُبْحانَ ربِّيَ العَظِيم ... پاکیی و بێگەردیی بۆ خوای پەروەردگاری مەزنم)).

٤٠

لە زیکرەکانی سوجدە

کاتێ لە نوێژەکەم دەچمە سوجدەوە، دەڵێم: ((سُبْحَانَ ربِّيَ الأعلى ... پاکیی و بێگەردیی بۆ خوای پەروەردگاری بەرز و باڵام)).

٤١

دوعای نێوان دوو سوجدەکان لە نوێژدا

کاتێ لە نێوان دوو سوجدەکان دا دەنیشم، دەڵێم: ((رَبِّ اغْفِرْ لِيْ، رَبِّ اغْفِرْ لِيْ ... خوایە لێم خۆشبە، خوایە لێم خۆشبە)).

٤٢

دوعای شەوی لەیلەتولقەدر (ليلة القدر)

لە لەیلەتولقەدردا دوعا دەکەم و، دەڵێم: ((اللَّهُمَّ إنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ العَفْوَ فَاعفُ عنِّي ... خوایە! تۆ زۆر لێبوردەی حەز بە لێبوردەیی دەکەیت، دە بمبوورە!)).

(٥٠) زیکر و یاد، کە لە پێغەمبەرەوە هاتوون بۆ لەبەرکردن

٤٣

داوای لێخۆشبوون

لە کاتی داوای لێخۆشبوون، دەڵێم:

((أَسْتَغْفِرُ الله ... داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم)).

٤٤

پاك و بێگەردیی نواندن بۆ خوا (التسبیح)

کاتێ پاکیی و بێگەردیی بۆ خوا دەنوێنم، دەڵێم: ((سُبْحَانَ الله ... پاکیی و بێگەردیی بۆ خوا لە هەموو کەم و کورتییەك)).

٤٥

سوپاسگوزاریی نواندن بۆ خوا

سوپاسی خوا دەکەم لەسەر نیعمەت و بەخششە زۆرەکانی و، دەڵێم:

((الحَمْدُ لله ... سوپاس بۆ خوا)).

٤٦

گوتنی: (لا إله إلا الله)

من خوا دەپەرستم و شایەتی دەدەم، کە : ((لَا إِلَـهَ إلاَّ الله ... جگە لە خوا، هیچ کەس و شتێك شایستەی پەرستن و ملکەچیی نییە)).

٤٧

بە گەورە دانانی خوا

من خوای پەروەردگاری مەزنم خۆشدەوێ و یادی دەکەم و، دەڵێم:

((اللَّهُ أَكْبَرُ ... خوا لە هەموو شتێك گەورەترە)).

٤٨

سەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ).

من سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر دەدەم و، دەڵێم: ((اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى نبينا محمد... خوایە بەزەیی و ڕەحمەتی خۆت بڕژێنە بەسەر پێغەمبەرمان موحەممەد)).

(٥٠) زیکر و یاد، کە لە پێغەمبەرەوە هاتوون بۆ لەبەرکردن

٤٩

گەنجینەیەکە لە گەنجینەکانی بەهەشت

من گەنجینەیەکم لە گەنجینەکانی بەهەشت هەیە، ئەویش: ((لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ یە ... هەر گۆڕانکاریەك، کە دەکرێ و هەر هێزێك هەیە، ئەوە هەر بە خواوەوە دەکرێ)).

٥٠

دوو وشە هەن، کە لە تەرازوودا لە ڕۆژی قیامەت قورسن

من دوو وشە دەڵێمەوە، کە لە تەرازوودا لە ڕۆژی قیامەتدا قورسن، ئەوانیش: ((سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ، سُبْحَانَ اللهِ العَظِيمِ... پاکیی و بێگەردیی بۆ خوا و سوپاس بۆ ئەو، پاکیی و بێگەردیی بۆ خوای مەزن)).

بڕوانامە

بڕوانامەی لەبەرکردنی (٥٠) زیکر

ئەم بڕوانامەیە پێشکەشە بە قوتابی:

....

بۆ لەبەر کردنی (٥٠) زیکر، کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتوون.
ئامۆژگاری دەکەین بە زۆر زیکرکردن و، جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنی
لە بۆنەکانی خۆیدا.
خوا پشتیوانی هەموان بێت.

موحەمەد
ژیاننامەی پێغەمبەر
ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد

ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد (ﷺ)

باشترین مرۆڤ

پرسیاری (١): کێ کۆتا پێغەمبەرە و، باشترینی هەموو مرۆڤ کێیە ؟

وەڵام: گەورە و پێغەمبەرمان موحەممەدە (ﷺ).

ڕەچەڵەکی

پرسیاری (٢): ڕەچەڵەکی پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) چییە ؟

وەڵام: بریتییە لە: باوکی قاسم: موحەممەدی کوڕی عبداللە کوڕی عبدالمطلب کوڕی هاشم.

پرسیار (٣): ڕەچەڵەکی پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟

وەڵام: ڕەچەڵەکی پێغەمبەر بۆ گەورەمان (ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم) دەگەڕێتەوە ، باشترین سەڵات و سەلام لەسەر هەردووکیان و لەسەر پێغەمبەرمان بێت.

لەدایکبوونی

پرسیاری (٤): خۆشەویستمان موحەممەد (ﷺ) ، لە کوێ لەدایکبووە؟

لە مەککەی موکەڕەممە لەدایکبووە و، سەربە هۆزی قوڕەیشە، کە لە باشترین هۆزەکانی عەڕەب بووە.

ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد (ﷺ)

لەدایکبوونی

پرسیار (٥): کەی پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) لەدایکبووە؟

وەڵام: لە ڕۆژی دووشەممە، لە مانگی ڕەبیعی یەکەم ساڵی (٥٧١ ز)، کە بە (ساڵی فیل) بەناو بانگە، لە دایکبووە.

پرسیاری (٦): دایکی پێغەمبەرمان موحەممەد (ﷺ)، ناوی چییە؟

وەڵام: ناوی (ئامینەی کچی وەهەبی زوهری)یە، کە لە باشترین ئافرەتی قوڕەیشی بووە، لە لایەنی گەورەیی و پلە و پایەوە.

پرسیاری (٧): ناوی دایەنەکەی لە گوندی (نەوەی سەعد) چییە؟

وەڵام: ناوی (حەلیمەی سەعدیە)یە (ڕەزای خوای لێبێت).

پێگەیاندنی و ئیش و کاری

پرسیار (٨): پێغەمبەر (ﷺ)، چۆن پێگەیشت؟

وەڵام: پێغەمبەر (ﷺ) بە هەتیمی پێگەیشت، ئەو لە سکی دایکیدا بوو،کە باوکی مرد، لە تەمەنی شەش ساڵیدا، دایکی مرد، بەمەش بووە کوڕێکی بێ دایك و باوك.

پرسیار (٩): لە ماوەی منداڵیی و گەنجێتیی، ئیش وکاری پێغەمبەر (ﷺ) چی بوو؟

وەڵام: لە منداڵیدا شوانی مەڕ بووە، کە لە تەمەنی گەنجیشدا، کاری بازرگانیی دەکرد و، بوو بەبازرگانێکی ڕاستگۆ و دەستپاك.

ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد (ﷺ)

ژن هێنانی

پرسیار (١٠): پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) کەی ژنی هێنا ؟ یەکەم ژنیشی کێ بوو؟

وەڵام: کاتێ تەمەنی گەیشتە بیست و پێنج ساڵی، هاوسەرگیریی لەگەڵ (خەدیجەی کچی خوەیلد) کرد، کە یەکەم ژنییەتی.

کوڕ و کچەکانی

پرسیار (١١): ناوی کوڕەکانی پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) چین؟

وەڵام: قاسم، عبدالله، ئیبراهیم.

پرسیاری (١٢): ناوی کچەکانی پێغەمبەر چین؟

وەڵام: زەینەب، ڕوقییە، ئوم کەلسوم، فاطیمە (ڕەزای خوایان لێبێ).

مامەکانیی و پوورەکانی لە بابیەوە

پرسیار (١٣): بەناوبانگترین مامەکانی و پوورەکانی لە باببیەوە کێن؟

وەڵام : بەناوبانگترین مامی: (حەمزە و عەبباس)ن (ڕەزای خوایان لێبێ)، کە هەردووکیان مسوڵمان بوون.

(ئەبو تاڵیب و ئەبو لەهەب)ە، کە مسوڵمان نەبوون.

بەڵام بەناوبانگترین پووری لە باوکییەوە: صەفییەیە (ڕەزای خوای لێبێ)، کە مسوڵمان بوو.

ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد (ﷺ)

ژیاننامەی، پێشئەوەی ببێتە پێغەمبەر

پرسیار (١٤): پێشئەوەی ببێتە پێغەمبەر، ژیانی چۆن بوو؟

وەڵام :

١. سوجدەی بۆ هیچ بتێکی نەبردووە.

٢. هەرگیز عارەق و مەی نەخواردۆتەوە.

٣. پەیوەندیی خزمایەتیی بەجێدەهێنا و (سەردانی دەکردن و لەگەڵیان چاک بوو).

٤. لەگەڵ فەقیر و نەداران، بەسۆزو بەزەیی بوو.

٥. لەناو قەومەکەی بەنازناوی: (دەستپاك و ئەمین) ناسراو بوو.

ناردنی بە پێغەمبەر

پرسیار (١٥): ناوی ئەو چیا و ئەشکەوتە چییە، کە پێغەمبەر (ﷺ) خواپەرستیی تێدا دەکرد؟

وەڵام: چیایەکە ناوی: (چیای نور) بوو، ناوی ئەشکەوتەکەش: (ئەشکەوتی حیراء) بوو.

پرسیار (١٦): موحەممەد (ﷺ)، کەی بە پێغەمبەر ناردرا؟

وەڵام: کاتێ تەمەنی گەیشتە (چل) ساڵیی، (جوبرائیل)ی فریشتە ـ (سەلامی لێبێت)، دابەزیە لای کە لە ئەشکەوتی (حیراء) دا بوو.

ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد (ﷺ)

ناردنی بە پێغەمبەر

پرسیار (١٧): پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) بۆ کێ ناردرا ؟

وەڵام: بۆ سەرجەم جنۆکە و ئادەمیزاد ناردرا.

پەڕجوو (موعجیزە)گەورەکەی پێغەمبەر

پرسیار (١٨): ئەو موعجیزە گەورە، هەتا هەتاییەی، تا ڕۆژی قیامەت، کامەیە؟

وەڵام: موعجیزەکە بریتییە لە: قورئانی بەرز و بەڕێز، خوای بەرز و مەزن دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ﴾ الحجر: ٩.

واتە: ئێمە قورئانمان بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) دابەزاندووە، ئێمەش پەیمان دەدەین بەپاراستنی لەوەی، کە لێی زیاد بکرێ، یان لێی کەم بکرێتەوە، یان شتێکی لێ ون بکرێ.

پرسیار (١٩): یەکەم وشە چ بوو، کە بۆ سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) دابەزی؟

وەڵام: وشەی : (إِقْرَأْ... بخوێنەوە).



ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد (ﷺ)

بانگەوازیەکەی و سەبرو ئارامییەکەی

پرسیار (٢٠): هاوبەشپەرستان و موشریکان، چۆن ڕوو بە ڕووی بانگەوازی ئیسلام بوونەوە؟

وەڵام: هاوبەشپەرستان، دەستیانکرد بە دژایەتیکردنی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان و، دەستیانکرد بە چەوساندنەوەیان و دابڕان و، گاڵتە پێکردنیان و ئازاردانیان لە جەستە و ماڵ و سامانیانەوە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی، لە بەرانبەر ئەم ئازاردانەیان، سەبر و ئارامیان گرت و ئومێدی پاداشتیان بە خوا هەبوو و، بەردەوام بوون لە ڕێگای بانگەوازیی و گەیاندنی بە خەڵك، هەتا وای لێهات ئیسلام بڵاو بۆوە و، وردە وردە خەڵك دەهاتنە ئایینی خواوە.

کۆچکردن بۆ حەبەشە

پرسیار (٢١): یەکەم کۆچکردنی موسوڵمانان لە مەککەوە، بۆ کوێ بوو؟

وەڵام: یەکەم کۆچکردنیان، بۆ (حەبەشە) بوو، لەبەر ئەوەی پاشایەکی لێبوو، کە دادگەربوو، لەلای ئەودا، کەس زوڵم و ستەمی لێنەدەکرا.



ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد (ﷺ)

کۆچکردن بۆ مەدینەی منەووەرە

پرسیار (٢٢): گرنگترین کاری پێغەمبەر (ﷺ)، دوای ئەوەی خۆی و هاوەڵانی لە مەککەوە کۆچیانکرد، چی بوو؟

وەڵام:

١. مزگەوتی دروستکرد.

٢. برایەتیی لە نێوان کۆچبەر و پشتیوانان (موهاجیرو ئەنسارەکان) دروستکرد.

٣. وەسیقە و دەستووری مەدینەی دانا.

گرنگترین جەنگەکانی

پرسیار (٢٣): گرنگترین ئەو جەنگانەی،کە لە نێوان مسوڵمانان و هاوبەشپەرستان ڕوویدا، چی بوو؟

وەڵام:

١. جەنگی بەدر.

٢. جەنگی ئوحود.

٣. جەنگی خەندەق.

ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد (ﷺ)

ڕزگار کردنی مەککە

پرسيار (٢٤): لە چ ساڵێك، مەككە ڕزگار كراو، مامەڵە و هەڵس و كەوتی پێغەمبەر (ﷺ)، چ بوو بەرانبەر ئەو كەسانەی ئازاريان دا و دژايەتييان كرد؟

وەڵام: لە ساڵی هەشتەمی كۆچی، مەككە ڕزگار كرا، پێغەمبەر (ﷺ) بە سەركەوتويی چووە شاری مەككەوە و، لەو خەڵكەی بورد، كە بۆ ماوەی چەند ساڵ دژايەتيان كرد بوو ئازاريان دابوو ،جا پێی گوتن: ((بڕۆن ئێوە ئازادن!!!)).

حەجی ماڵئاوايی

پرسيار (٢٥): پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ)، چەند حەجی كردووە؟

وەڵام: پێغەمبەر (ﷺ)، يەك حەجی كردووە، ئەويش: (حەجی ماڵئاوايی)يە.

مردنی

پرسيار (١٦): پێغەمبەری خوا (ﷺ)، كەی و لەكوێ، گيانی بەخوا سپارد؟

وەڵام: پێغەمبەر (ﷺ) لە مانگی ڕەبیعی يەكەمی ساڵی (١١ی كۆچی) بەرانبەر بە (١٠/ ٦/ ٦٣٤ز) ، لە ماڵی (خاتو عائيشە)ی خێزانی (ڕەزای خوای لێبێ) گيانی بە خوای خۆی سپارد.

ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد (ﷺ)

ڕەوشتی پێغەمبەر (ﷺ)

پرسیار (٢٧): ڕەوشتی پێغەمبەر (ﷺ) چۆن بوو؟

وەڵام: پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لە هەموو خەڵك بە ڕەوشتتر بوو، کە دایکی ئیمانداران: (خاتو عائیشە - ڕەزای خوای لێبێ) وەسفی دەکات و دەڵێ: (ڕەوشتی پێغەمبەر، قورئان بوو).

ئەرکی ئێمە بەرانبەر بەپێغەمبەر (ﷺ)

پرسیار (٢٨): ئەرکی ئێمە بەرانبەر بە پێغەمبەر (ﷺ) چییە؟

وەڵام: بریتییە لەوەی، کە خۆشمان بوێ و بە گەورە و سەنگینی بگرین و، شوێنی بکەوین و چاوی لێبکەین، هەروا خێزانەکەی و هاوەڵانیمان خۆشبوێ و، ژیاننامەکەی بخوێنینەوە و سودی لێوەربگرین.

پرسیار (٢٩): بەروبوومی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چییە؟

وەڵام :

١ ـ لە ڕۆژی قیامەتدا، تکاکارمانەو شەفاعەتمان بۆ دەکات.

٢ ـ لە حەوزی کەوسەر، ئاو دەخۆینەوە.

٣ ـ لە بەهەشت، هاوڕێی دەبین.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێ: ((المَرءُ مَعَ مَن أحَبَّ ... مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسە حەشر دەکرێ، کە خۆشی دەوێ)).

ڕوخسار و شێوە و ڕەوشتەکانی موحەمەد (ﷺ)

ئەرکی ئێمە بەرانبەر بەپێغەمبەر (ﷺ)

پرسیار (٣٠): فەزڵ و گەورەیی سەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) چییە ؟

وەڵام:

١. پلەی پێ بەرز دەبێتەوە و، گوناهی پێ دەسڕێتەوە.

٢. هۆیەکە بۆ نزیکبوونەوە لە پێغەمبەر (ﷺ)، لە ڕۆژی قیامەتدا.

٣. زۆر سەڵاوات دان، هۆیەکە بۆ نەمانی خەم و خەفەت و، لێخۆشبوون لە گوناهان.

بڕوانامە

لە ژیاننامەی پێغەمبەردا

ئەم بڕوانامەیە پێشکەشە بە قوتابی:

....

لەبەر ئەوەی **کورتەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا** (ﷺ)ی خوێندۆتەوە و، لێی تێگەیشتووە و، توانیویەتی وەڵامی (٣٠) پرسیار، لە زانیارییە گشتگیرەکان لە ژیاننامەی پێغەمبەر بداتەوە.
بانگی دەکەین بۆ فێربوونی زیاتر و، چاولێکردنی پێغەمبەری خۆشەویستی هەڵبژاردە (سەڵات و سەلامی خوای لێبێ).

ئيمان

پایەکانی ئیمان

پرسیار (١): پایەکانی ئیمان شەشن، چیین؟

وەڵام: ١ـ ئیمان بە خوا.

٢ـ ئیمان بە فریشتەکان.

٣ـ ئیمان بە کتێبەکانی خوا.

٤ـ ئیمان بە پێغەمبەران.

٥ـ ئیمان بە ڕۆژی دوایی.

٦ـ ئیمان بە قەدەر، خێر و شەڕی.

ئیمان

پایەکانی ئیمان

١- ئیمان بە خوا

پرسیار (٢) : کێ خاوەن و پەروەردگار و بەدیهێنەر و دروستکەرمانە ؟

وەڵام: خوا (الله)ی بەرز و مەزن، پەروەردگار و دروستکەرمانە.

پرسیار (٣): کێ ئاسمانەکان و زەوی و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و، چیاکان و دارو درەختەکان و بەرو بوومەکانی دروستکردووە؟

وەڵام: خوا (الله) ی بەرز و مەزن، دروستیکردوون و، هەموو ئەو شتانەی لەم گەردوونە هەیە، ئەو دروستیکردوون.

پرسیار (٤): کێ ڕزق و ڕۆزیمان دەداتێ و، ڕزقی هەموو دروستکراوەکان دەدات؟

وەڵام: خوا (الله)ی بەرزو مەزن، ڕزق دەرە، کە ڕزقی هەموان دەدات.

پرسیار (٥): کێ شیفامان دەدات و ساغ و سەلامەتمان دەکات و، دەمان ژیێنێ و دەمانمرێنێ؟

وەڵام: خوا (الله) ی بەرزو مەزن، شیفامان دەدات و ساغمان دەکات و، زیندوومان دەکاتەوە و دەمانمرێنێ و، بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە.

پرسیار (٦): چۆن خوات ناسی؟

وەڵام: خوا (الله)م ناسی، بە هۆی بیرکردنەوە لە ناوەکانی و سیفاتەکانی و دروستکراوەکانی، هەروەها لە ڕێی پێغەمبەرەکانییەوە، کە بۆ ئێمە ناردراون.

پرسیار (٧): بۆچی خوای بەرزو مەزن ئێمەی دروستکردووە؟

وەڵام: خوای بەرز و مەزن، بۆیە ئێمەی دروستکردووە، هەتا بیپەرستین.

پایەکانی ئیمان

١- ئیمان بە خوا

پرسیار (٨): چۆن خوا بپەرستین؟

وەڵام: تەنها تاعەتی ئەو بکەین و بە قسەی ئەو بکەین.

پرسیار (٩): مانای پەرستن چییە؟

وەڵام: پەرستن ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو شتێك، کە خوای بەرز و مەزن خۆشی دەوێ و پێی ڕازییە لە: قسە و کردەوە دیار و نادیارەکاندا.

پرسیار (١٠): خوای بەرز و مەزن، چ مافێکی بە سەرمانەوە هەیە؟

وەڵام: مافی خوا بەسەرمانەوە ئەوەیە: کە بیپەرستین و بە قسەی بکەین و، سوپاسی بکەین لەسەر نیعمەت و بەخششەکانی.

پرسیار (١١): ئایینت چییە؟

وەڵام: سوپاس بۆ خوا، ئایینم ئیسلامە.

پرسیار (١٢): ئیسلام مانای چییە؟

وەڵام: واتە: ملکەچبوون بۆ خوای بەرز و مەزن و، بە قسەی بکەی و فەرمانبەریی بکەی.

پایەکانی ئیمان

١- ئیمان بە خوا

پرسیار (١٣): پایەکانی ئیسلام چەندن؟

وەڵام: پایەکانی ئیسلام پێنجن، کە ئەمانەن:

١ ـ شایەتمان: (شایەتیدان بەوەی، کە جگە لە خوا، هیچ شتێك شایستەی پەرستن نییە و، موحەممەدیش نێرراوی خوایە).

٢ ـ بەرپاکردنی نوێژ.

٣ ـ زەکات دان.

٤ ـ ڕۆژووی ڕەمەزان.

٥ ـ حەجی ماڵی خوا، بۆ ئەو کەسەی،کەتوانای هەیە.

پرسیاری (١٤): گەورەترین پایەکانی ئیسلام چیین؟

وەڵام: گەورەترین پایەکانی ئیسلام، بریتیین لە: شایەتمان: (أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدا رسول الله).

پرسیار (١٥): مانای شایەتیدان بە : (أن لا إله إلا الله) چییە؟

وەڵام: واتە: (جگە لە خوا، هیچ شتێك شایستەی پەرستن نییە).

پرسیار (١٦): مانای شایەتیدان بە : (أن محمدا رسول الله) چییە؟

وەڵام: واتە: موحەممەد (ﷺ) لە لایەن خواوە نێرراوە، کە پێویستە لەسەرمان بڕوای پێ بهێنین و بەقسەی بکەین.

پایەکانی ئیمان

١- ئیمان بە خوا

پرسیار (١٧): گەورەترین گوناهـ چییە؟

وەڵام: گەورەترین گوناهـ ، بریتییە لە: هاوبەشدانان بۆ خوا، کە گوناهێکە (گەر تۆبەی لێنەکەیت)، خوا لە ئادەمیزاد خۆشنابێ.

پرسیار (١٨): مانای هاوبەشدانان بۆ خوا چییە؟

وەڵام: واتە: پەرستنی کەسێکی کە، جگە لە خوا.

٢- ئیمان بە فریشتەکان

پرسیار (١٩): فریشتەکان کێن ؟

وەڵام: فریشتەکان جۆرە دروستکراوێکن، کە خوای بەرز و مەزن لە ڕووناکی دروستیکردوون، ئەوانەن،کە خوای گەورە دەپەرستن و، ئەوەی فەرمانیان پێدەکرێ، ئەوان دەیکەن و لە هیچ شتێکدا سەرپێچیی خوا ناکەن.

پایەکانی ئیمان

٢- ئیمان بە فریشتەکان

پرسیار (٢٠): گرنگترین سیفەتەکانی فریشتەکان چیین؟

وەڵام:

١ . ئەوان لە ڕووناکی دروستکراون.

٢ . نە نێرن، نە مێ.

٣ . خواتوانای داونەتێ، کەبە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر، بەسەردەکەون و دادەبەزن!

٤ . نە دەخەون، نە هاوسەرگیریی دەکەن.

٥ . نە ماندوو دەبن، نە بێزار دەبن.

٦ . باڵیان هەیە.

٧ . نە دەخۆن و نە دەخۆنەوە.

٨ . هەرگیز سەرپێچیی خوا ناکەن.

پرسیار (٢١): گرنگترین کارو کردەوەکانی فریشتەکان چین؟

وەڵام:

١ . پاکیی و بێگەردیی نواندن (التسبیح): بە شەو و بە ڕۆژ، پاکیی و بێگەردیی بۆ خوا دەنوێنن، هەتا قیامەتیش وەڕز و بێزار نابن.

٢ . گەڕۆکن: لە کۆڕی زیکر و زانست و زانیاریی و، قورئان خوێندنەوە ئامادە دەبن.

٣ . پارێزگارن: ئەوانەن، کە بەندەکان لە خراپە و زیان دەیانپارێزن.

٤ . فریشتە بەڕێزە نووسەرەکان: ئەوانەن، کە کردەوەکانی بەندەکان لە خێر و چاکە و خراپە دەنووسن.

پایەکانی ئیمان

٢- ئیمان بە فریشتەکان

پرسیار (٢٢): ژمارەی فریشتەکان چەندن؟

وەڵام: ژمارەی فریشتەکان زۆرن، کە تەنها خوا ژمارەیان دەزانێ و ناژمێردرێن، خوای بەرز و مەزن دەفەرموێ:

﴿ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ﴾ المدثر: ٣١

واتە: سەربازانی خوا ـ ئەوانەش فریشتەکانن ـ تەنها خوا دەیانزانێ ژمارەیان چەندە.

پرسیار (٢٣): ناوی هەندێ لە فریشتەکان و کردەوەکانیان باس بکە.

وەڵام:

١ ـ **جوبرائیل:** باشترین فریشتەیە، کە ئەرکی وەحیی پێ سپێردراوە، کە بۆ پێغەمبەران دابەزێنێ و، ناونراوە بە(ئەمین ـ دەستپاك).

٢ ـ **میکائیل:** ئەرکی باران بارینی پێ سپێردراوە.

٣ ـ **ئیسرافیل:** ئەرکی فووکردن بە کەڕەنای پێ سپێردراوە.

پرسیار (٢٤): بۆچی فریشتەکانمان خۆشدەوێ؟

وەڵام: لەبەر ئەوەی دروستکراوانێکی چاك و ساڵحن، کە پاکیی و بێگەردیی بۆ خوا دەنوێنن و، سەرپێچیی خوا ناکەن.

پایەکانی ئیمان

٢- ئیمان بە فریشتەکان

پرسیار (٢٥): بەرو بوومی ئیمان بە فریشتەکان چییە ؟

وەڵام:

١ . زانیاریت دەبێ بە گەورەیی و بەهێزیی دەسەڵات و بەزەیی خوا.

٢ . بەردەوام بوون لەسەر فەرمان و تاعەت و بەقسە کردنی خوا و، سەبر و ئارام گرتن لەسەر تاعەتەکەی.

٣ . هەردەم بە ئاگا دەبی و دڵنیا دەبی، کە سەربازەکانی خوا لەگەڵ ئێمەنە.

٤ . هەستکردن بە چاودێریکردن و، هەستکردن بەوەی، کردەوەکانمان دەنووسرێن و تۆمار دەکرێن، چ چاکە بێت، یان خراپە.

٥ . سوپاسکردنی خوای گەورە لەسەر چاودێریکردنی.

پایەکانی ئیمان

٣- ئیمان بەو کتێبانەی خوا دایبەزاندوون

پرسیار (٢٦): ئیمان بەو کتێبانەی خوا دایبەزاندوون، مانای چییە؟

وەڵام: مانای وایە: بیر و باوەڕم وابێ، کە خوای بەرز و مەزن، چەند کتێبێکی بۆ سەر پێغەمبەرانی (سەلامیان لێبێ) دابەزاندووە، بۆ ئەوەی خەڵك ڕێی ڕاست بگرن و، بانگی خەڵك بکەن بۆ ئەوەی بە تاك و تەنیایی خوا بپەرستن.

پرسیار (٢٧): ئەو کتێبانەی دابەزێندراون، چین؟ بۆسەر کێ دابەزیوون؟

وەڵام:

١ـ **تەوڕات:** بۆ سەر (موسا) پێغەمبەری خوا (سەلامی لەسەربێ) دابەزیووە.

٢ـ **ئینجیل:** بۆ سەر (عیسا) پێغەمبەری خوا (سەلامی لەسەر بێ) دابەزیووە.

٣ـ **زەبور:** بۆ سەر (داود) پێغەمبەری خوا (سەلامی لەسەر بێ) دابەزیووە.

٤ـ **پەڕاوی ئیبراهیم:** بۆ سەر (ئیبراهیم) پێغەمبەری خوا (سەلامی خوای لێبێ) دابەزیووە.

٥ـ **قورئانی مەزن:** بۆ سەر پێغەمبەر و خۆشەویستمان: (موحەممەد) (ﷺ) دابەزیووە، کە کۆتا کتێبە، خوا دایبەزاندووە.

پرسیار(٢٨): گەورەترین کتێب، کە خوا دایبەزاندبێ و، فەزڵ و چاکێتیی کامەیە؟

وەڵام: گەورەترین کتێب، کە خوا دایبەزاندبێ، بریتییە لە: قورئانی مەزن، کە بەڕاست دانەری هەموو کتێبەکانی پێش خۆیەتی و کۆتاییشیانە و، هەتا ڕۆژی قیامەتیش، هەر دەمێنێ ، نە دەگۆڕێ و نە دەستکاری دەکرێ، قورئان گەورەترین موعجیزەی پێغەمبەرمان موحەممەدە) (ﷺ).

پایەکانی ئیمان

٣- ئیمان بەو کتێبانەی خوا دایبەزاندوون

پرسیار (٢٩): بیروباوەڕی زانایانی مسوڵمانان، دەربارەی کتێبەکانی تری غەیری قورئان، چییە ؟

وەڵام: بیر و باوەڕیان و بیروباوەڕی ئێمە ئەوەیە: دەستکاریی کراون و گۆڕاون و، قسەی دیکە ختراوەتە ناویانەوە!

خوای بەرز و مەزن دەفەرمووێ: ﴿فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ يَكۡتُبُونَ ٱلۡكِتَٰبَ بِأَيۡدِيهِمۡ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ لِيَشۡتَرُواْ بِهِۦ ثَمَنٗا قَلِيلٗاۖ فَوَيۡلٞ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتۡ أَيۡدِيهِمۡ وَوَيۡلٞ لَّهُم مِّمَّا يَكۡسِبُونَ ٧٩﴾ البقرة: ٧٩.

واتە: لەناو چوون و هەڕەشەی سەخت و توند بۆ زانا خراپەکانی جولەکە، ئەوانەی کتێب بە دەستی خۆیان دەنووسن، ئینجا دەڵێن: ئەمە لەلایەن خواوەیە، کە لە تەوراتدایە، ئەمەش بۆیە دەکەن، تا لەبەرامبەر ئەمەدا، شتی دنیایی وەربگرن، جا بە هۆی نووسینی ئەم کتێبە پوچ و ناحەقەوە، سزایەکی لەناوبەر دەدرێن، هەروا دیسان سزایەکی لەناوبەر دەدرێن، بەهۆی وەرگرتنی پارەی حەڕام بەبەرامبەر، وەك: بەرتیل و شتی دیکە.

پرسیار (٣٠): ئەرك و واجبمان بەرانبەر بە قورئانی مەزن چییە ؟

وەڵام:

١ ـ بڕوامان وابێ، کە قورئان قسەی خوایە.

٢ ـ خۆشمان بوێ و بە گەورە و شکۆی دابنێین.

٣ ـ بە تەواویی بیخوێنینەوە.

٤ ـ کار بە ئایەتەکانی بکەین و، بیکەینە بەرنامە و دەستورمان.

پایەکانی ئیمان

٤- ئیمان بە پێغەمبەران
(سەڵات و سەلامیان لێبێ)

پرسیار (٣١): پێغەمبەران کێن؟

وەڵام: پێغەمبەران ئەوانەن، پەیام و نامەی خوایان بۆ هاتووە و، خوای بەرز و مەزن لەناوباشترین خەڵك و دروستکراو و بەندەی خۆی هەڵیبژاردوون، بۆ ئەوەی پەیام و نامەکەی خۆی بگەیەنن، بەو پەڕجوو موعجیزانە پشتگیریی کردوون، کە بەڵگەن لەسەر ڕاستگۆییان.

پرسیار (٣٢): ئیمان بە پێغەمبەران، مانای چییە ؟

وەڵام: واتە: بڕوایەکی تەواوت هەبێ، کە خوای بەرز و مەزن، لە هەموو ئوممەتێکدا، پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون، کە تەنها خوا بپەرستن و، دووربکەونەوە لە پەرستنی غەیری خوا.

خوای بەرز و مەزن دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ﴾ النحل: ٣٦.

واتە: بۆ هەر ئوممەتێکی پێشوو، پێغەمبەرێکمان ناردووە، کە فەرمانیان پێ بکات، تەنها خوا بپەرستن و تاعەتی بکەن و، واز بێنن لە پەرستنی شەیتانەکان و بت و مردووەکان و، ئەوانەش، کە لە جیاتی خوا دەکەنە دۆست و پشتیوان.

پرسیار (٣٣): یەکەم پێغەمبەر کێ بوو؟ کامە پێغەمبەریش کۆتاییانە؟

وەڵام: یەکەم پێغەمبەر (ئادەم)ە (سەلامی لێبێ)، کۆتا پێغەمبەریش: گەورەمان موحەممەدە (باشترین سەڵات و سەلامی لەسەر بێ).

پایەکانی ئیمان

٤- ئیمان بە پێغەمبەران
(سەڵات و سەلامیان لێبێ)

پرسیار: (٣٤): بۆچی خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە ؟

وەڵام: خوای گەورە بە ڕەحمەت و بەزەیی و بەخششی خۆیەوە، پێغەمبەرانی ناردوون، تا مژدەی پاداشت بە چاکەکاران بدات و، ئاگاداری خراپەکارانیش بکاتەوە بە سزادان و، بۆ ئەوەی ئەوەی لە بەرژەوەندی دین و دونیایانە، کە پێویستیان پێیەتی، بۆیان ڕوون بکەنەوە.

پرسیار (٣٥): خوای گەورە بە چی پشتگیریی کردوون ؟

وەڵام: خوای گەورە بە موعجیزەکان و بەڵگە و نیشانە دیارەکان، پشتگیریی پێغەمبەرانی کردووە،کە بەڵگەن لەسەر ڕاستگۆیی بانگەوازەکەیان، کە ئەو کەسانەی بڕوایان پێی نییە، دەستە وەستانیان دەکەن، کە نەتوانن وێنەی وەك ئەو بێنن.

پرسیار (٣٦): باسی هەندێ موعجیزەی پێغەمبەران بکە!

وەڵام:

١ . موعجیزەی گەورەمان (موسا . سەلامی لێبێ): گۆچان بوو، کە بە ئیزن و فەرمانی خوا، دەبووە مارێك و بە خێرایی دەڕۆیشت.

٢ . موعجیزەی گەورەمان (صالح . سەلامی لێبێ): ئەو حوشترە بوو، کە خوای گەورە لە بەردێکەوە بۆ قەومەکەی دەرهێنا.

٣ . موعجیزەی گەورەمان (عیسا . سەلامی لێبێ): زیندووکردنەوەی مردوو بوو، بە ئیزن و فەرمانی خوا، هەروەها چاکردنەوەی کوێر و گولی (گڕوویی) بە ئیزنی خوا.

٤ . موعجیزەی پێغەمبەرمان و خۆشەویستمان موحەمەد (ﷺ) قورئانی مەزن بوو.

پایەکانی ئیمان

٤- ئیمان بە پێغەمبەران (سەڵات و سەلامیان لێبێ)

پرسیاری (٣٧): گرنگترین سیفەتەکانی پێغەمبەران چیین ؟

وەڵام:

١ - ڕاستگۆیی. ٢ - دەستپاکیی. ٣ - زیرەکیی.

٤ - پێڕاگەیاندن. ٥ - لە گوناهان پارێزراون.

پرسیاری (٣٨): ئەرك و واجبمان بەرانبەر پێغەمبەران چییە ؟

وەڵام:

١ - بڕوامان وابێ: ئەوان باشترین دروستکراوی خوان و، باشترین مرۆڤن.

٢ - بڕوامان بە هەموویان هەبێ و، بڕوامان بە موعجیزەکانیان هەبێ، کە خوای گەورە بە هۆیانەوە پشتگیریی کردوون.

٣ - خۆشیانمان بوێن و مەتحیان بکەین و چاویان لێبکەین.

٤ - جیاوازیی لە نێوان هیچ کامێکیان نەکەین.

٥ - بڕوامان بەوە هەبێ، کە لەلایەن خواوە پێی هاتوون.

٦ - شوێن کۆتا پێغەمبەریان بکەوین و، بە قسەی بکەین و، لەسەر بەرنامەی ئەو بڕۆین.

پایەکانی ئیمان

٤- ئیمان بە پێغەمبەران
(سەڵات و سەلامیان لێبێ)

پرسیار (٣٩): گەورەمان موحەممەد (ﷺ)، بە چی لە سەرجەم پێغەمبەران جیا دەکرێتەوە؟

وەڵام:

١ . خۆشەویستمان موحەممەد (ﷺ)، بەوە لە سەرجەم پێغەمبەران جیا دەکرێتەوە، کە ئەو باشترین پێغەمبەرە.

٢ . پێغەمبەرمان بۆ سەرجەم خەڵکیی ناردراوە، بەڵام هەر پێغەمبەرە و بە تایبەتی بۆ قەومەکەی ناردراوە.

٣ . ئەو کۆتا پێغەمبەرە، کە هیچ پێغەمبەرێکی تر دوای ئەو نایەت.

٥- ئیمان بە ڕۆژی دوایی

پرسیار (٤٠): ئیمان بە ڕۆژی دوایی، مانای چییە ؟

وەڵام: واتە: تۆ بڕوات هەبێ بەوەی، کە دوای مردن چ ڕوو دەدات، بە پێی ئەوەی، کە قورئانی مەزن هەواڵی پێداوە و، فەرموودەی ڕاستی پێغەمبەر هەواڵی پێداوە.

پایەکانی ئیمان

٥- ئیمان بە ڕۆژی دوایی

پرسیار (٤١): باسی هەندێ شت بکە، کە دوای مردن ڕوو دەدات:

وەڵام:

١ . ژیانی بەرزەخ (گۆڕ).

٢ . زیندوو بوونەوە.

٣ . حەشر.

٤ . لێپرسینەوە.

٥ . تەرازوو.

٦ . پردی سیڕات.

٧ . بەهەشت، یان دۆزەخ.

پرسیار (٤٢): چ لە گۆڕدا هەیە ؟

وەڵام: خۆشی و شادیی، یان عەزاب و ئازار،جا گۆڕ، یان باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت، یان چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ.

پرسیار (٤٣): مانای زیندوو بوونەوە چییە ؟

وەڵام: مانای ئەوەیە، کە خوای گەورە خەڵك زیندوو دەکاتەوە، دوای ئەوەی دەمرن و، بۆ لێپرسینەوە و پاداشت دانەوە ،لە گۆڕەکانیان دەریاندەهێنێ.

پایەکانی ئیمان

٥- ئیمان بە ڕۆژی دوایی

پرسیار (٤٤): بەهەشت چییە ؟

وەڵام: بریتییە لە: خانە و ماڵی نازو نیعمەتی بەردەوام و، ئەو شوێنەی، کە خوا بەڵێنی بەبەندە بڕوادارەکان داوە، ئەوانەی بە قسەی خوا دەکەن، کە شوێنێکی خۆش و سەوزاییە و، میوە جاتی زۆری تێدایە، هەروەها ڕوباری تێدایە، کە ئاوەکەی دەڕوات، هەروا هەموو ئەو شتانەی تێدایە، کە نەفس ئارەزووی دەکات و چاو چێژی لێ دەبینێ ، شتێ وای تێدایە، کە چاو نەیبینووە و، هیچ گوێیەك نەیبیستووە و، بە دڵی هیچ کەسێکدا نەهاتووە!!!

پرسیار (٤٥): ئاگری دۆزەخ چییە ؟

وەڵام: ئاگری دۆزەخ بریتییە لە: عەزاب و ئازاری بەردەوام، ئەو شوێنەیە، کە خوای گەورە بۆ کافرو بێ بڕوایان و هاوبەشپەرستان و دوو ڕوانی ئامادە کردووە و، لە پاداشتی کوفر و سەرپێچییاندا ، هەموو جۆرە ئازار و ئەشکەنجەیەکی تێدایە.

پرسیار (٤٦): باسی هەندێ بەرو بوومی ئیمان بە ڕۆژی دوایی بکە:

وەڵام:

١ـ ئیمان وا لە مسوڵمان دەکات، لەسەر تاعەت و ڕەزامەندی خوا بەردەوام بێت و، لەو شتانە دوور بکەوێتەوە، کە خوا قەدەغەی کردووە.

٢ـ هانی ئادەمیزاد دەدات، کە ڕاستگۆ بێت و، هۆی ڕەوشت جوانیی دەبێت.

٣ـ ئادەمیزاد لە گزیی و فێڵ و تەڵەکە و غەدر و ناپاکیی و کردەوەی خراپ، دوور دەخاتەوە.

٤ـ ئەو کەسەی ستەمی لێکراوە، لەوە دڵنیا دەبێ، کە لە ڕۆژی قیامەت مافی بۆ وەردەگیرێتەوە.

پایەکانی ئیمان

٦- ئیمان بە قەدەر بە چاك و خراپییەوە

پرسیار (٤٧): مانای ئیمان بە قەدەر چییە ؟

ئادەمیزاد چۆن بڕوا بە قەدەر، چاکە و خراپی بێنێ؟

وەڵام: واتە: ڕازیبوون بە قەزای خوا و بڕوای تەواو بەوە هەبێ، کە هەرشتێکی چاك و خراپ ڕوو دەدات، ئەوا بە قەدەر و زانستی خواوەیە و، ئەوەی توشت دەبێ، بە هەڵە توشت نەبووە و، بە هەڵە شتت تۆش نابێت.

خوای بەرز و مەزن دەفەرمووێ: ﴿ وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ التکویر: ٢٩.

واتە: ئێوە ئەو ڕێیە ڕاستەی دەتانەوێ لەسەری بەردەوام بن، ناتوانن لەسەری بەردەوام بن، مەگەر بە ویستی خوای پەروەردگاری هەموو بەدیهێنراوەکان دەبێت.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا ﴿١٢﴾ ﴾ الطلاق: ١٢.

واتە: خوا بە هەموو شتێك دەزانێ و، هیچ شتێك لە زانست و توانا و دەسەڵاتی خوا دەرناچێ.

هەروەها دەبێ هۆیەکان بەکاربێنین، لەگەڵ پشت بەستن بە خوای بەرز و مەزن.

پرسیار (٤٨): کاتێ مسوڵمانێك موسیبەتێکی توش دەبێت، چی دەڵێ؟!

وەڵام: دەڵێ: ((إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ... ئێمە ئی خواین و بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە)).

پرسیار (٤٩): کاتێ مسوڵمان توشی شتێ دەبێت، کە پێی خۆش نییە و، لە دەست ئەودا نییە، چی دەڵێ؟

وەڵام: خوا ئاوای تەقدیر کردووە و وای داناوە و، ویستیتی ببێت.

پایەکانی ئیمان

٦- ئیمان بە قەدەربە چاك و خراپییەوە

پرسیار (٥٠): بەرو بوومی ئیمان بە قەزا و قەدەر چییە ؟

وەڵام:

١. مسوڵمان پێشوازی لە قەدەری خێر و چاکە، بە سوپاس کردن دەکات، قەدەری خراپیش بە ئارام گرتن.

٢. وا لە مرۆڤی بڕوادار دەکات، نا ئومێد نەبێت، ئەگەرچی بەڵا و موسیبەتەکانیش زۆر بن!

٣. پاڵ بە مرۆڤی بڕوادارەوە دەنێت، نێوان کارکردن بە هۆیەکان و پشت بەستن بەخوای گەورە، بەیەك ببەستێتەوە.

٤. وا لە مرۆڤی بڕوادار دەکات، هەست بە ئاسودەیی و ڕازیبوون و دڵنیایی و بەختەوەریی بکات.

بڕوانامە

لە بیرو باوەڕی ئیسلامیی

ئەم بڕوانامەیە پێشکەشە بە قوتابی:

....

لەبەر تێگەیشتنی و توانای وەڵامدانەوەی (٥٠) پرسیار،

دەربارەی پایەکانی ئیمان.

بانگی دەکەین بۆ فێربوونی زیاتر، لە بنەماکانی بیرو باوەڕی ئیسلامیی، بۆ قوڵبوونەوەی ئیمان و تێگەیشتنی زیاتر.

داواکارین لە خوای بەرز و مەزن، سەرکەوتوویان بکات و لێیان قبوڵ بکات.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

((الإيمان: أن تؤمن بالله وملائكته، وكتبه، ورُسُله، واليوم الآخر، وتُؤمِنَ بالقَدر خَيْرِهِ وَشَرِّه .... ئیمان ئەوەیە: بڕوا بەخوا و بە فریشتەکانی و، کتێبەکانی و پێغەمبەرانیی و ڕۆژی دوایی بێنی، هەروەها بڕوا بە قەدەر بێنی بە چاك و خراپییەوە)).

ڕەوشت و ئادابی جوانم



چەند ئامۆژگاریەکی ئایینی
لە ئەدەب و ڕەوشتەکاندا

١- ڕاستگۆیی و پاك و خاوێنی

ئایینی ئیسلام چەند ئادابێکی هەنە، کە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر هێناویانە، لەوانەش: لە قسەکردن ڕاست بڵێ، کە گەورەترین سیفەت و چاکییەوە و، درۆ نەکەیت، چونکە ئەو کەسەی درۆ بکات، بە درۆزن ناو دەردەکات، دوایی گەر ڕاستیش بڵێ، خەڵك باوەڕی پێناکەن.

خراپترین درۆش، ئەو درۆیە یە، کە منداڵ درۆ لەگەڵ باوکی بکات.

پێغەمبەر دەفەرمووێت: ((إيَّاكُم والكذب، فإنَّ الكذب يهدي إلى الفجور)). رواه البخاري ومسلم.

واتە: نەکەن درۆ بکەن، چونکە درۆ بەرە و خراپەکاریت دەبات.

لە بارەی پاك و خاوێنییەوە، دەبێ جل و بەرگ و لەشمان، پاك و خاوێن ڕابگرین، چونکە لەو گەورە شتانەیە، کە ئیمان داوای دەکات، جا هەر کاتێ منداڵی مسوڵمان ، پاك و خاوێن بێت، ئەوا ئەوانەی لەگەڵی دادەنیشن، حەز بە دانیشتنی دەکەن و خۆشیان دەوێ.

خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴿٤﴾﴾ المدثر: ٤ .... جل و پۆشاکت پاك ڕابگرە.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ البقرة: ٢٢٢ ...... خوا، تۆبەکارانی خۆشدەوێ و، ئەوانەشی خۆشدەوێ، کە خۆیان پاك ڕادەگرن.

٢- ئەمانەت و، چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك و ڕێزگرتنی مامۆستا

یەك لەو شتانەی ئیسلام فێرمان دەكات بیكەین، ئەمانەت و دەستپاكییە،ئێمە خۆمان بە خوا دەپارێزین، كە ناپاكیی و خیانەت نەكەین، بە ڕاستی مرۆڤ بەدەستپاكییەوە بەرە و بەرزیی دەڕوات و، خەڵك سوپاسی دەكەن و خۆشیان دەوێ.

بۆیە دەبینین پێغەمبەری خۆشەویستمان، بە ئەمین و دەستپاك بەناوبانگ بوو.

لە بارەی چاكە كردن لەگەڵ دایك و باوكەوە، ئیسلام بە كارێكی زۆر گەورەی داناوە و، بە پاكترین ڕەوشتی داناوە، كە بە هۆی چاكەكردن لەگەڵیاندا، خێر و چاكە بەدەست دێنێ.

كەواتە: بە قسەیان بكە و ملكەچییان بە لە چاكەدا ، نەكەی بە پێچەوانەی قسەی چاكی ئەوان بجوڵێیتەوە، نەكەی، كە داوای شتێكیان لێكردی، بێزاری خۆت دەرببڕی و بڵێی: ئۆف!!

هەروەها تووڕەیان نەكەی، بەڵكو دەبێ نزا و دوعایان بۆ بكەی، كە خوای بەخشندە بەزەیی پێیاندا بێتەوە و ڕەحمیان پێبكات.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا﴾ الإسراء: ٢٣ .... خوای گەورەت فەرمانیكردووە و بڕیاریداوە، كە جگە لە خوا، كەسی تر نەپەرستن و، لەگەڵ دایك و باوكتان چاكە كاربن.

پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێ: ((رضا الله في رضا الوالدين ... ڕازیبونی خوا، لە ڕازیبونی دایك و باوكدایە)).

واتا: گەر دایك و باوكت لێت ڕازی بن، ئەوا خواش لێت ڕازی دەبێت.

٢- ئەمانەت و، چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك و ڕێزگرتنی مامۆستا

بەڕێزەکەم!

ڕێزی مامۆستاکەت بگرە، کە زانست و زانیارییت فێردەکات، مامۆستاش وەك فەزڵ و چاکەی دایك و باوك، چاکەی بەسەرتەوە هەیە، بۆیە دەبێ لە کاتی وانە گوتنەوەدا، بە جوانیی گوێی بۆ ڕابگری و بە قسەکردن و وتە وتەوە وانەکەی لێ تێك نەدەیت، هەروەها هەوڵبدە وانەکەی لێ تێبگەی و لەبەری بکەیت، تا لەبیری نەکەیت.

گەر پرسیارێکت هەبوو، ئەوا بە ئەدەبەوە پرسیاری لێ بکە، تا تۆیان خۆشبووێ.

دیارە مامۆستا فەزڵ و گەورەیی خۆی هەیە، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: ((خوای بەرز و مەزن و فریشتەکانی و، خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی، تەنانەت مێروولەکان لە کونەکانی خۆیانەوە، هەتا ماسی، دوعا و نزای خێر و چاکە بۆ ئەو کەسە دەکەن، کە خەڵك فێری چاکە دەکەن)). شێخ ئەلبانی بە (صحیح)ی داناوە.

٣- جوان ڕەفتارکردن و ئەدەب و ڕەوشت لەگەڵ هاوڕێیان

ئایینی ئیسلام ڕێنماییمان دەکات، لەگەڵ هەموو خەڵکێك ڕەفتارو هەڵسوکەوتمان جوان بێت، بەمەش پلە و پایەمان بەرز دەبێتەوە.

بە تایبەتی خوشك و برایان لە قوتابخانە، ئەمانە دەبێ بە جوانترین شێوە هاوڕێیەتیان بکەن و، ڕوویان خۆشبێت لەگەڵیان و قسەیان شیرین بێت و، پێشوازیی گەرمیان لێبکەیت ، هەرکامێکیانت بینی، پێی بڵێ: سڵاوی خوات لێبێ خۆشەویستم.

ڕقت بەرانبەریان لە دڵت دەربێنە و حەسود نەبی بەرانبەریان، چونکە بە حەسوودیی بەرز نابی، چیت بۆ خۆت پێخۆشە، بۆ هاوڕێیەکانیشت ئەوەت پێخۆشبێ.

سوعبەتیان لەگەڵ بکە، بەڵام دوور بکەوە لەو سوعبەتانەی، هاوڕێکەت تووڕە دەکات، بەمەش دڵی ئەوان بە دەستدێنی و تۆیان خۆشدەوێ.

بۆیە دەبێ ئەو کەسانە بکەینە هاوڕێی خۆمان، کە بڕوادارن و مسوڵمانن، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((لَا تُصاحِبْ إلاَّ مؤمناً...)).

واتە: تەنها بڕوادار بکە بە هاوڕێی خۆت.

٤- نەفسی خۆگرتن و سەخیی و شەرم

دیارە نەفسی خۆگرتن بەرامبەر تووڕەیی، لە بەرزترین سیفەتەکانی ئایینی ئیسلامە، کە خوای بەرز و مەزن لە قورئاندا باسیکردووە، کە دەفەرمووێ:
﴿وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ﴾ آل عمران: ١٥٩

واتە: گەر ڕەفتارت خراپ باو، دڵڕەق بای، ئەوا یاورانت لە دەورت نەدەمان.

بۆیە گوتویانە: نەفسی خۆگرتن و نەرم و نیانیی، گەورەی ڕەوشتەکانە، چونکە ناکۆکیی و دوو بەرەکیی نا هێڵێ.

لەبەر ئەوەی بە نەرم و نیانیی و خۆگرتنەوە، پێشوازی لە نەیارەکەت بکە، دەبینی نەیارەکەت پەشیمان بۆتەوە و داوای لێبوردنت لێدەکات.

هەروەها لەو سیفەتانەی خوای بەرز و مەزن خۆشی دەوێ، بریتییە لە: سەخیی بوون و دەستکراوەیی، ئەو سیفەتەی پێی ناخۆشە، کە ڕەزیلی و قرچۆکیی و بەخیلییە.

کەواتە: لەگەڵ خەڵکی سەخیی و دەستکراوە بە، بەمەش خوای بەخشندە لێت ڕازی دەبێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: ((إنَّ اللهَ تَعَالى جَوَدٌ يُحِبّ الجود)). رواه البيهقي وصححه الأباني.

واتە: خوای بەرز و مەزن سەخییە و کەسانی سەخیی و دەستکراوەی خۆشدەوێ.

٤- نەفسی خۆگرتن و سەخیی و شەرم

هەروەها لە سروشتی بەرزی ئیمان: ڕەوشتی شەرم و شکۆیە لە مرۆڤدا، هەرکەسێ ئەم سیفەتە جوانەی هەبێ، ئەوا سەنگین و بە ویقار دەبێ و ڕێزی دەگیرێ.

بەهۆی شەرمەوە، مرۆڤ لە سیفەتە کەم و کورتەکان دوور دەکەوێتەوە، کەسێکیش شەرمی نەبێ، لە مرۆڤ بوون دادەشۆرێ.

پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێ: ((الحَياءُ لاَ يأتي إلاَّ بِخَيْرٍ)). متفق عليه.

واتە: شەرم هەر خێرە و چاکەی بەدوادا دێت.

هەروەها دەفەرموێ: ((... والحَياءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإيمان)).

واتە: شەرم لقێکە لە ئیمان.

٥- وەفایی وچاو تێریی و خۆبەکەمزانیی

دیارە بە ئەمەکیی و وەفایی بەرامبەر بەڵێنەکان، لە مەبەستە هەرە گەورەکانە، نەکەی بە هیچ جۆرێ، بەڵێنت بە هەرکەسێکدا، بەڵێنەکە بەجێ نەهێنی، یان پەیمانت دا، پەیمانەکە بشکێنی، چونکە بەڵێن بەجێنەهێنان، ڕەوشتی کەم و کورتانە.

ئایینی ئیسلام ئامۆژگاریمان دەکات، پەیمانەکانمان بپارێزین و پەیمانەکان نەشکێنین.

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَأَوْفُوا۟ بِٱلْعَهْدِ ۖ إِنَّ ٱلْعَهْدَ كَانَ مَسْـُٔولًا ﴿٣٤﴾﴾ الإسراء: ٣٤.

واتە: هەر پەیمانێکیشتان داوە بەجێی بێنن و مەیشکێنن، بە ڕاستی لە ڕۆژی قیامەتدا، خوا دەربارەی عەهد و پەیمان لە خاوەنەکەی دەپرسێتەوە.

٥- وەفایی وچاو تێریی و خۆبەکەمزانیی

هەروەها یەك لەو سیفەتانەی، مرۆڤی بڕوادار تێیدابێ ئەوەیە، کە چاوی تێربێ و ڕازی بێ بەوەی، کە خوا بۆی داناوە، کاتێ بە بەشی خوا ڕازیی بوو، ئیتر چاو نابڕێتە ماڵ و سامانی خەڵکی.

بۆیە گوتراوە: (قەناعەت و چاوتێریی، گەنجینەیەکە لەناو ناچێ).

سیفەتێکی بەرزی تری مسوڵمانان ئەوەیە: کە خاکیی بێت و خۆی بەکەم بزانێ و لوتبەرز نەبێت، چونکە لوتبەرزیی سیفەتێکی ناشیرینە، خەڵك ڕقیان لێی دەبێتەوە و، خۆشەویست نابێت.

بۆیە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەفەرمووێ: ((هەرکەسێ بۆ خوا خاکیی بێت و خۆ بەکەم زان بێت، ئەوا خوا بەرزی دەکاتەوە)).

هەروەها هەرکەسێکیش خۆی بە گەورە بزانێ و لوتبەرزبێت، ئەوا ناچێتە بەهەشتەوە، وەك پێغەمبەری ئازیزمان ئاوا دەفەرمووێ.